# ڕێکخراوە تورکیێکان وەکو مافیا کاردەکەن
# نەوەکو کادیران وئەندامانی (پ. ک. ک)ە

کارزان عەلی
**25-11-2004**

ماڵپەری پەیامنێر( **Peyamner**) کە ماڵپەرێکە سەر بە دەزگای پاراستنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ڕۆژی 25-11-2004 لەهەواڵێکی نادروستیدا کە لەماڵپەرێکی تورکیەوە بەناوی (**Haber Gazete**)وەری گرتوەو باس لەوەدەکات کە گوایە پۆلیسی هۆلەندا کادیر و ئەندامانی پەکەکەی بەوەتاوان بارکردوە کە بەکاری نایاسایی لەهەولی بەدەستهێنانی پارەدان کە وەکو مافیا کاردەکەن. ڕاستی هەواڵەکە باس لە ڕێکخراوە تورکیێکان دەکات نەوەک کادیرو ئەندامانی پەکەکە. ڕۆژنامەی میترۆی ئەمرۆ 25-11 لە لاپەرە دوو دا هەواڵەکەی بلاو کردۆتەوە نوسیوێتی کە ڕێکخراوە تورکیێیان لە هۆلەندا خەریکی کاری نارەواو ساختە کاریان. لە بوراەکانی بازرگانی کردن بە مادەبیهۆشکەرکەن، چەکو تەقەمەنی، مرۆڤ و پارە هەندێ بواری تر. هەروەها لە دوو ساڵی رابردوودا ئەو ڕێکخراوە تورکیانە چواردە کاری کوشتنیان ئەنجامداوە. ئەنجامی ئەو لیکۆلینەوەیە ڕۆژی 24-11 ئاشکرا کراوە تەنها باسی ڕێکخراوە تورکیێکان دەکات نەوەکو پەکەکە. هەقە ماڵپەرە کوردیێکان هەواڵ دەربارەی کورد بەهیچ شێوەیەک لە ڕۆژنامەو ماڵپەرە تورکیێکانەوە وەرنەگرن، چونکە وەکو ئەم هەواڵە چۆن شێواندویانە ئاهاواش هەموو هەواڵەکان و ڕاستیەکان دەشیوێنن!